چیرۆکی ژیانم

# شەوێك كە بەگیانم تەواو بوو

*بەشی دووەم و کۆتایی*

*جەمیل*



ماوەی سێ ساڵ بوو بەجووتە لەژوورێکدا دەخەوتین، نەوەك تەنیا دوو هاورێی داوێن پاكو راستگۆبووین، بەڵكو خوشكو برایێكی خۆشەویست بووین. نزیكەكانی خۆشمان بەمەسەلەی ئێمەیان نەدەزانی. دایكم لەخوا دەپاڕایەوە كە وەجاغم كوێر نەكاتو منداڵێكمان پێبدات. بۆ ئەم مەبەستە چەندین جار رەوانەی ماڵە سەیدو شێخو مەلازادەیان دەكردین. چەندین جار بەبیانۆی دكتۆر دەچووینە بازاڕو وامان پێشان دەدا كە دكتۆر داوو دەرمانی بۆ نووسیووین و بەكاری دەهێنین. شەوانە بەجووتە دادەنیشتین و باسی ئەو جیهانە پڕ تاوانەمان دەكرد. باسی كێشە كۆمەڵایەتیەكانمان دەكرد. ئەو زۆر لەمن رۆشنبیرو وردبینتر بوو. من گوێم لەقسەكانی رادەگرت. بەبڕیاری ئەو دەجولامەوە.

كاتێ باوكی كۆچی دوایی كرد، ماوەی یەك هەفتە لەپرسەكەی دانیشتین، ئێمە خاوەن پرسە بووین. خەڵكی سەرەخۆشی لەئێمە دەكرد. دوای ماوەیەك زانی باوەژنەكەی مەبەستی شووكردنەوەی هەیە، خێرا بەشە میراتی پێدا، منداڵەكانی لێوەرگرتو رەوانەی ماڵی باوكی كردەوە. منو ئەو گەڕاینەوە سەر ماڵێ. بەخێوكردنی خوشكو براكانی خۆی لەئەستۆگرت. ئەمەش دەرفەتێكی باشی لەبەردەمدا كردەوە تا بۆخۆی ژنم بۆ بدۆزێتەوە. ماوەیەك بوو پرسیاری دەكردو بەدوای یەكێكی باشدا دەگەڕا. رۆژێكیان بەخۆشحاڵییەوە پێیگوتم: جەمیل ژنێكی جوانو خانەدانم بۆت دۆزیوەتەوە، رازیم كردووە، لاملی نەكەیتو ناوی خوای لێبێنە. خەمی نەختو مارەییت نەبێ، من بۆخۆم دەیدەم. چەند رۆژێكی پێچوو لەجێگەیەك كە خۆی دیاری كردبوو، هەردووكمانی بەیەكتر ناساند. كچێكی رەزا سووكو قسەزان بوو. هەردووكمان رێككەوتین. پاشان خۆیو دایكم چوونە خوازبێنی. تەنیا چوونی پیاوان مایەوە. باوكم بانگی كردمو پرسی: (كوڕەكەم من هیچ پارەم نیە، باوەڕ ناكەم تۆش پارەت هەبێ، باشتر وایە باسی ژنهێنان نەكەیت. پیاوی دوو ژنە جەرگی كون كونە. دوایی ئەمەت لەدەست دەچێ، هەموو ماڵەكەی دەباو دەڕوا، ئەوەشت بۆ بەڕێوەناچێو وازت لێدێنێ. ئاخر كوڕەكەم بۆ بەدەستی خۆت ماڵی خۆت كاول دەكەی. منداڵ بوون بەدەست خوایە، ئەگەر خوا مەرامی لێ بێت منداڵت پێدەدا، ئەگەرنا هەزار ژنی دیكەش بێنی هەر ئاوا دەمێنیتەوە). من نەمویست راستی مەسەلەكە لەباوكم بگەیەنم، تەنیا دڵنیام كردەوە كە خێزانەكەم زێڕی خۆی پێدەداتو منیش بەشی ئەوەم هەیە جلو بەرگی بكەم.

سەرەنجام بۆ دووەمین جار زەماوەندم كرد. هەموومان بەیەكەوە لەیەك ماڵدا دەژیاین. منو هاوسەرەكەم لە ژوورێكدا دەخەوتین، ئەویش لەگەڵ خوشكو براكانی خۆی لەژوورێكی دیكەدا دەخەوتن. ساڵ بۆ خۆی تەواو دەبێ. ساڵێكی پێچوو، كوڕێكمان بوو، لەسەر خواستی ئەو ناومان لێنا بڕیار. ئەو بوو بەدایكە گەورەی. ئەوەندە بڕیاری خۆش دەویست كە هەر نەبێتەوە، بۆ خۆی بەخێوی دەكرد. دایكی بڕیار دەیگوت: هەرگیز باوەژنی لەم جۆرەم نەدیوە. لە من زیاتر بڕیاری خۆش دەوێت. هەوێمە، بەڵام لەدایكی خۆم بۆ من باشترە. هەم بڕیار بەخێو دەكات، هەمیش زۆر هاوكاری من دەكات. ئەگەر ئەو بەباشی باسی تۆی نەكردایە، لەوانەیە منو تۆ بۆ یەكتر نە دەبووین.

چەندین ساڵ بەم شێوەیە گوزەرا. ئێمە منداڵمان دروست دەكردو ئەویش گەورەی دەكردن. هەرگیز ئاژاوەو ناخۆشی لەماڵەكەماندا نەبوو. شادانو بەختەوەرو دەژیاین. من چووبوومە سەر دوكانەكەی باوكی ئەو و بەڕێوەم دەبرد. ئەویش كوێخوای ماڵەوە بوو، بازاڕی دەكرد، جلوبەرگی بۆ هاوسەرەكەمو بۆ منداڵەكان دەكڕی. خێزان بەدەستووری ئەو بەڕێوەدەچوو، ماڵ بەدەستی ئەو هەڵدەسووڕا. خوشكو براكەی خۆی گەورەكردن. ژنی بۆ براكەی هێناو خوشكەكەشی بەشوودا. ئیدی دیسانەوە لەگەڵ ئێمەدا مایەوەو درێژەی بەكاری خۆیدا. زۆر جاران لەدڵی خۆمەوە بەزەییم پێدادەهاتەوەو دەمویست بەدوای ئەو كەسەدا بگەڕێم كە ئەو چاوەڕوانی دەكاتو بە هیوای ئەوەوە دەژیت. زۆرجاران كە بەجووتە دادەنیشتین ئەو باسەم بۆ دەكردەوە، ئەو لەراستگۆیی من دڵنیابوو، بەڵام دەیگوت: ئیدی ئەگەر بشیدۆزمەوە بەكەلكی یەكتر نەماوین. لەوانەیە ئەو ژنی هێنابێ، ئەوەتا منیش بە نفوس لەسەر ناوی تۆمە، ئەگەر تۆش رێگەم پێبدەیت، من نامەوێ ناوزڕاندنێكی دیكە بهێنمە سەرخۆم، خەڵكی بڵێن: مێردەكەی تەڵاقی داو چوو مێردێكی قیتی كردەوە. من دڵسۆزانە دەمگوت: خەڵكی كەیفی خۆیانە چیم پێ دەڵێن، تۆ وەفاداربووی بە بەڵێنو پەیمانی خۆت، شەرت بێ منیش پەیمانو بەڵێنی خۆم جێبەجێ بكەم. ئەو دەیگوت: باوەڕ ناكەم تازە دوور لەبڕیارو منداڵەكانی دیكە بتوانم بژیم، ئەوان بوونەتە پارچەیەك لەدڵم. ئەگەر خوا بكات لەو دونیا بۆ یەكتر دەبین.

بڕیار گەورەبوو، ناوی سەربازی هات. سەردەمی شەڕی عێراق — ئێران بوو. من تەواوی بڕیارەكانم بۆ بڕیار بەجێهێشتو خۆیم سەرپشك كرد. دایكی حەزی نەدەكرد لێی دوور بكەوێتەوەو دەیویست بچێتە سەربازی. دەیگوت مەرگو مردن لەدەست خوا دایە، بەڵام ئەو رازی نەبوو، دەیگوت: بۆچی بڕیارمان بۆ ئەوە گەورە كردووە بچێتە قادسیەو بكوژرێ!!، بەخوا رێگەی پێنادەم، یان با ببێتە پێشمەرگە یان با بچێتە ئەوروپا. لەسەر بڕیاری ئەو، بڕیار سەری خۆی هەڵگرتو بەرەو شاخ رۆیشت. دوایی لەشارێكی رۆژهەڵاتی كوردستاندا گیرسایەوە. لەوێ كاری دەكرد، جار جارەش لەرێگەی خزمێكمانەوە كە لەبەریتانیادا دەژیا نامەی بۆ رەوانە دەكردین. ئەو نامەكانی خۆی رەوانەی بەریتانیا دەكرد، خزمەكەشمان بۆ ئێمەی رەوانە دەكردەوە. منو دایكی بچووكی ئەوەندە پەرۆشو نیگەرانی نەبووین، كەچی ئەو بەردەوام باسی دەكرد، شەوانە بۆی دەگریا. نامەكانی بڕیاری ماچ دەكردنو شەوانە لەسەر دڵی خۆی دایدەنا.

كاتێ راپەڕین روویدا ئێمە زۆر خۆشحاڵ بووینو چاوەڕوانی (بڕیار) مان دەكرد. رۆژێكیان لێمان بەژوورێ كەوت. لەخۆشیاندا نەماندەزانی چی بكەین. لەباوەشمان دەگرتو ماچمان دەكرد. بەهاتنەوەی ئەو، ماڵەكە گەشابۆوە. گریانو فرمێسكی هەردوو دایكی كۆتابوون. دەمانویست بەزووترین كات ژنی بۆ بهێنین. بڕیار بە پێكەنینەوە وەڵامی دەدایەوەو دەیگوت: قسمەتو نسیب بەدەست خوایە، جارێ با بزانین چی دەقەومێ. چەند رۆژێكی پێچوو، كۆڕەوی بەسەر داهات. ئێمەش سایلی ئەو خەڵكە ماڵمان بەجێهێشتو بەرەو سنوورەكان رۆیشتین كاتێكی ناخۆشبوو، برسێتیو سەرما تەنگیان پێ هەڵچنی بووین، ئێمەش وەك زۆربەی خەڵكەكە ئاودیوی ئێران بووین. بڕیار نیوە ماڵێكی لەو دیو هەبوو، نەیهێشت بچینە ئۆردوگا. هەمووما چووینە ماڵەكەی بڕیار، تەنیا لەیەك ژوورو یەك گەرماو یەك تەوالیت پێكهاتبوو. ئەگەرچی بچووك بوو، بەڵام دیسانەوە بەهەشت بوو. بڕیار شارەزا بوو، زمانەكەی دەزانی، پێداویستیەكانی بۆ دابین دەكردین. نزیكەی دوو مانگ لەوێ ماینەوە.

دەمانویست بێینەوە، بڕیار بەدزییەوە بەدایكی گەورەی گوتبوو كە كچێكی خۆشدەوێو دەبێ بۆی بچنە داخوازی. ئێمە حەزمان دەكرد زەماوەندی بڕیار ببینین. بەخۆشحاڵیەوە داواكەیمان پەسند كرد. هەردوو دایكی چونە ماڵی كچەكە. دایكی كچەكە رەزامەندی خۆی پێشاندابوو، بەڵێنی پێدابوون كە وەڵامیان لێدەگێڕێتەوە. دواتر وەڵاممان لێگێڕدرایەوە. رۆژێكیان هەمووما چوینە ماڵی كابرا. ئێمە لەژووری پیاوانو ئەوانیش لەژووری ژنان دانیشتبوون. زۆر بەئاسانی رێككەوتین. ئەوان (بڕیار) یان دەناسی، كورد گوتەنیكاكەو برالەی خۆیان كردبوو. ئێمە لەو ناوەدا بیانی بووین. هەر ئەو رۆژە مەلا هاتو مارەی بڕی. هەمووما پێدەكەنینو خۆشحاڵی خۆمان بۆ ئەو خزمایەتیە دەردەبڕی. دایكی كچە حەزی دەكرد بڕیار لەوێ بمێنێتەوە، ئێمەش دەمانویست دوای زەماوەند ئەوانیش بێنەوە كوردستانی خۆمان. بۆ ئەو مەسەلەیە ژنانو پیاوان لەژوورێكدا كۆبووینەوە. باوكی كچەكە قسەی دەكردو دەیگوت: ئەوان با هەردووكیان بۆ خۆیان شوێنی ژیانی خۆیان دیار بكەن. ئەوان دەبنە ماڵێك. من رێگەی گەڕانەوە لەبڕیار ناگرم، نامەوێ ئەو دوور لەخزمو كەسی خۆی بژی. من دەردی غەریبیم دیووە. لەو كاتەدا دایكە گەورەی بڕیار سەری بەرزكردەوە، هەستم كرد هەموو گیانی دەلەرزێ. دەیویست قسان بكا، بەڵام هێزی لەبەردا نەمابوو. لەرزێكی قورسی لێهاتبوو. هەرچۆنێ بوو لەبەر ئەو گەڕاینەوە ماڵێ. تا دەهات بەرەو خراپی دەرۆیشت. بەپەلە گەیاندمانە نەخۆشخانە. منو بڕیار لەژوور سەری راوەستابووین. دەیویست قسەمان بۆ بكات. دواتر بە پەنجە ئاماژەی بۆ من كرد. بڕیار تێگەیشتو چووە دەرێ. كە بە تەنیا ماینەوە داوای لێكردم كە لێی نزیكتر ببمەوە. فرمێسك بەچاوەكانیدا دەهاتنە خوارێ. سەرم بۆ نەوی كردو گوێم لەدەمی نزیك كردەوە. لەكاتێكدا زۆر بەتووندی هەڵدەلەرزی، قوڕگی گیرابوو، بەنیوە زمانێكەوە پێیگوتم: (جەمیل! خەزووری بڕیار..). ئیدی زمانی گیراو بۆی تەواو نەكرا. چەندین جار رامهەژاندو دووبارەم كردەوە: (خەزووری بڕیار چی؟!.. بۆچی قسان ناكەی؟!). لەوە زیاتر قسەی بۆ نەكرا. دكتۆرەكان هاتنە ژوورێو ئۆكسجینیان خستە سەردەمی. بەداخەوە هەر ئەو شەوە چاوەكانی لێكناومرد.

مردنی ئەو كەسەرێكی گەورەی بۆ من بەجێهێشت. هەمووماني خەمبار كرد. ئەو قسەیە لەمێشكمدا دەزرنگایەوە، تۆزێكی تێگەیشتبووم، بەڵام نەدەكرا لەوكاتەدا شوێن پێی قسەكەی هەڵبگرمەوە. زەماوەندی بڕیارمان دواخست. ئێمە هاتینەوەو تەرمەكەیمان هێنایەوە. دوای چوار مانگ بەمەبەستی زەماوەندی بڕیار جارێكی تر گەڕاینەوە ئەو دیوو. رۆژێكیان ژنەكان چووبوونە بازاڕو جلوبەرگیان بۆ بووك دەكڕی. منو خەزووری بڕیار بە تەنیا دانیشتبووین، پێمگوت: ( وابزانم خوالێخۆشبوو تۆی دەناسی!!). سەیرم كرد نایەوێ وەڵامی پرسیارەكەی من بداتەوە. ئیدی دڵنیا بووم كە ئەویش دەیناسێ. دواتر نهێنیەكەم پێدركاند، ئەوسا چیرۆكی راستینی ژنێكی ئەڤیندارو وەفادارم بۆ گێڕایەوە. من چیرۆكەكەم بۆ دەگێڕایەوە، ئەویش دەگریاو فرمێسكی دەباراند.

لەكۆتاییدا داوای بووردن دەكەم ئەگەر ناچاربوومە هەندێ ناوو هەندێ رووداو بگۆڕم، چونكە تا ئەمڕۆكە جگە لەمنو لەخەزووری بڕیار كەسێكی دیكە ئاگادارییان لەو چیرۆكە نیە. ئەگەر ناوەكانو رۆژی مردنەكەیم بەڕاستی بنووسیبایە، لەوانەیە زۆر كەس دەیانناسییەوە. خوالێخۆشبوو حەزی لەوە نەدەكرد. گیانی شاد بێ.



## گۆشەی دەدوون

*دونیا*

## ماڵ ئاوا ساڵی خوێندنی 2005-2006

ئەم ساڵیش رابردوو بەڵێنەكان جێبەجێ نەكران. رەنگە ئەوانەی مەبەستیان بێت بزانن ئەو بەڵێنانە چین، پێویستیان بە كەمێك رامان هەبێ لەسەر ئەو كۆڕو كۆبوونەوەو بڕیارو پێشنیارانەی كە لەنووسراوو گۆڤارو رۆژنامەكانی هەردوو وەزارەتی پەروەردە وەرگیرانو دەرچوون. كاتێ كە ئەو هەموو بەڵێنانە وەكو بروانامە كۆ دەكەیتەوە بۆت دەردەكەوێت كە سلكی پەروەردەش پڕێتی لەگەندەڵیو بێ بەڵێنی... دوای تێپەڕبوونی 15 ساڵ بەسەر زێڕینیترین راپەڕینو 3 ساڵ بەسەر رووخانی سەرسەخترین دیكتاتۆر ئەمساڵ بەشێك لەكتێبەكانی ئەوكاتە خوێنراو وێنەی دیكتاتۆرەكەش بەفەرمانی بەڕێوەبەری قوتابخانەكان قوتابیان دڕیان، ئەوە چەند ساڵیشە دەڵێن مەنهەج دەگۆڕێتو نەكرا...

تا ئەمساڵیش پۆلەكانی خوێندن نزیكەی 40 قوتابی تیا دانیشتبوو، زۆربەی بیناكانی قوتابخانەو خوێندنگاكان 2–3 دەوامیان تیا دەكرا، یەك دەوامی هەر نەماوە، بەملیۆنان دۆلاریش كە لەكەناڵەكانەوە تەرخان كراوە بۆ دروست كردنی بینای قوتابخانەو خوێندنگا، ئەی كوانێو بۆچی هەر وەك خۆی وایە؟. ئەمساڵیش رابردوو دەیان گەڕەكو ناحیەو قەزا بێ بەش بوون لەكردنەوەی خوێندنگایەكی ئامادەیی كەچی وەكو دەڵێن زۆری لەبەرهەمهێنانو نارێكی لەدابەشكردن، گەڕەكی وا هەیە 3 خوێندنگای ئامادەیی تیایەو لەپێناو 3 بەڕێوەبەردا لەبینایەك جێ كراونەتەوە...

ئەمساڵیش وەكو ساڵانی رابردوو هیچ قوتابخانەیەك تەنها یەك دیناریان وەرنەگرت وەكو (نەسریە) تا خزمەتی قوتابخانەكانیان پێ بكەن. با بپرسین پرسگەی كام وەزارەتو كام بەڕێوەبەرایەتیو كام دیوان بەبێ نەسریەیە؟. لەمێژوودا شتی وابووە پارە بە دائیرەیەك نەدەیتو بڵێی خۆت بژێینە؟. هەر ئەمساڵیش دەیان جار ووتراو وترایەوەو بەڵێن درا كە دەرماڵەی ئیدارە بدرێو بەڕێوەبەرەكان لەوانە ووتنەوە عەفوبكرێن، دەیان قوتابخانەی نەهێشتنی نەخوێنەواری كراوەتەوە، هەر مامۆستایەك مانگی (60 هەزار)ی پێ دەدرێ ئەوە (3مانگ)ە ئەو پارەیەش نەدراوە. كەچی هەموو ئەوانە پوچ دەرچوون. تەنها بڕیارێك كە بەباشی جێبەجێ كرابێ فەرز كردنی قوتابیو خوێندنكاران بووە بەسەر مامۆستایانداو قەدەغەكراوە كە بچووكترین لێپرسینەوەی لەگەڵدا بكرێت تەنانەت ئەگەر لەسەر لاساریو بێئەدەبیش بێت. جاران لەحوجرەی مەلاكان لێدان هەبوو ئێستا بەبێ ئەوەی بڕیاریشی بۆ دەرچێ ئەوانیش بڕوایان بەلێدان نەماوە ئیتر چی پێویست دەكات ئەو هەموو ئەولەویاتە بەجێدێڵنو لەسەر شاشەی تەلەفیزیۆنو رۆژنامەكان لەبەر خاتری رێكخراوێك مافی رێكخراوێكی دیكە پێشێل دەكەنو قوتابیو خوێندكار دەكەن بەكوێخا بەسەر مامۆستاوە.

كاتێ ئەو وردەكارییانەی ناو وەزارەتو ئەو هەموو بەڵێنە جێبەجێ نەكراوانە دێنێتە پێش چاو رەنگە هەزار رەحمەت بۆ گەندەڵی شوێنەكانی دیكە بنێردرێت، چونكە سلكی پەروەردە سلكی پێكەوە بەستنو گرێدانی سەرجەم تاكەكانی كۆمەڵە، بەجوانترین شێوازی ژیان، پەروەردە رێڕەوێكە كە دەبێ هەموو دكتۆرو ئەندازیارو خاوەن شەهادەو دەسەڵاتدارەكان پێیدابڕۆن...

ئەگەر كەسە پەروەردەییەكان نەتوانن رێڕەوی گەندەڵی بگۆڕن بەرەو باشە خۆ هیچ نەبێ دەبێت لەناو خۆیاندا گەندەڵی نەهێڵن هەتا وەزارەتو كەسانی دیكەش چاویان لێ بكەن. گەر واش نەبێ بێ بڕواییەكی زۆر دەكەوێتە نێوان سیستەمی پەروەردەو چ لەناوخۆ یان لەگەڵ كۆمەڵگا بەوەش متمانە بەیەك بوون تەواو كەم دەبێتەوە.

پەند وەرگرتن لەرابردوو وانەیەكی پیرۆزە بەباشو خراپیەوە، ڤیروسیا لەساڵانی رابردوو باساڵی داهاتوو بكەین بەبنەمای زانستو رۆشنبیری گەلو نەتەوەكەمان، با پەیوەندییەكانی نێوان مامۆستاو خوێندكار وەكو خۆی رەسم كەین، چونكە هەیبەتو سومعەتی ئەو سیستەمە بەشەخسیەتی مامۆستاوەیە. با ئەو داهاتو پارە زۆرەی كە بۆ هەندێ شتی دوای پەروەردەوە سەرف دەكرێت قوتابخانەو خوێندنگاكانی لێ بێبەش نەبێت. دوا رۆژی میللەت لەئەستۆی دەسەڵاتدارانەو لەمێژووشدا شت وون نابێ.

# سێكسفرۆشو سێكسكڕ لەیەك تای تەرازوودان

**س. عەلی**

ماوەیەكە رۆژنامەو بڵاوكراوەكانی كوردستان پەردە لەسەر هەندێ دیاردەی ناشیرین هەڵدەماڵن. جار جارە دیدارو چاوپێكەوتن لەگەڵ ئافرەتانی لەشفرۆش دەكەن. بەشێك لەو ژنانە پەشیمانو حەز بەو كارە ناكەن، تێوەگلانو بەردەوامبوونیشیان بۆ دەیان هۆكار دەگێڕنەوە. بەهەر شێوەیەك بێ لەشفرۆشان بەسووكو سۆزانی سەیردەكرێن. جێگەو رێگەیەكیان لەنێو كۆمەڵگەدا نامێنێتەوە. هەندێكیان لەلایەن خزمو كەسانیانەوە دەكوژرێن. هەندێكی دیكەیان تا لەژیان مابن دەبێ بەنهێنیو لەدڵەڕاوكێدا ژیان بەسەر ببەن. لەشفرۆشتن بازاڕێكی رەشە، بازرگانیەكی نارەواو نامرۆڤانەیە. كردەوەیەكی دوو لایەنەیە. ئێمە تەنیا باس لەئابڕووی لایەنی یەكەم دەكەین لەئاست لایەنی دووەمدا چاو دادەخەین. كۆمەڵگەی كوردەواری لەكاتێكدا سزای مەرگ بەسەر لایەنی یەكەم دەسەپێنێ، چاو لەلایەنی دووەم دەپۆشێ. هەندێجار لایەنی دووەم بەبراوەو سەركەوتوو خۆی دەنوێنێ. سنگ دەردەپەڕێنێو ئازایەتی خۆی دەگێڕێتەوە. گرفتەكە لێرەدا گەورەترو قێزەونتر دەبێتەوە. كردەوەیەك لە نێوان دووكەسدا روودەدات، یەكێ ئابڕووی بچێو لەنێو كۆمەڵگە جێگەی نەبێتەوەو سزای مەرگی بدرێ، ئەوەی دیكە وەك بەرزەكەی بانان بسورێتەوە، شانازی بەخۆیو بە ئەنجامدانی كارەكەی بكات. كۆمەڵگە پەنجەی تۆمەتباری بۆ درێژ نەكات!!.

لەوڵاتانی ئەوروپادا دزیكردن سزای خۆی هەیە، بەڵام سزای ئەوەی شتە دزراوەكان دەكڕێ گەورەترە. ئەوان دەڵێن ئەگەر كەسێك نەبێ شتە دزراوەكان بكڕێ، دزەكە سارد دەبێتەوەو چیتر دزی ناكات. لەوڵاتی سویددا كڕینو فرۆشتنی سێكس قەدەغەیە. كڕیارو فرۆشیار هەردووكیان سزا دەدرێن. كەواتە لێرەدا دەبێ بگەڕێینەوە بۆ بازاڕی لەشفرۆشی كە ئەمڕۆ بۆتە جێگەی باسی بڵاوكراوەكانی كوردستان. ئەو بازاڕەش كڕیارو فرۆشیاری هەیە. پیاو كڕیارەو ژنیش فرۆشیار. كەواتە هەردووكیان لەیەك تای تەرازوودان. ئەگەر بۆ لایەنی یەكەم عەیبەو ئابڕووچوونی بەدواوەبێ، لایەنی دووەمیش لەو عەیبەو ئابڕووچوونەدا بەشدارە. جا ئەگەر پیاو سێكس نەكڕێ، ئەو ژنەی كۆمەڵگە بەسۆزانی دادەنێو بەچاوی سووكو نەفرەتەوە لێیدەڕوانی سێكس بەكێ دەفرۆشێ. كۆمەڵگە داوا لەژنانی لەشفرۆش دەكات دەست لەكارەكانیان هەڵبگرن. كاتێ دەستیش هەڵدەگرن رابردوویان ناسڕێتەوە، بەردەوام بەچاویان دادەدرێتەوە. ئیهانەیان پێدەكرێ، بەڵام كاتێ پیاوێك دەست لەكڕینی سێكس هەڵدەگرێ دەوروبەرەكانی بەگاڵتەوە باس لەبێهێزبوونی سێكسی دەكەن، هانی دەدەن كە بەردەوام بێ. باشە ئەو هاوێركردنو جیاكارییە لەنێو مرۆڤەكاندا كێو كام یاسا دایهێناوە!!. یاسای كۆمەڵ دەبێ بۆ تاكەكانی یەكسان بێ. مادام سێكسفرۆشتن لەبەهاو نرخی مرۆڤ كەم دەكاتەوە، دەبێ سێكس كڕینیش لەبەهاو نرخی مرۆڤ كەم بكاتەوە.

